# كارایی شوێنیی و وەزیفی نەخۆشخانە حكومیەكانی شاری هەولێر

م.ی. امیر قادر عزیز
بەشی جوگرافیا ـ كۆلێژی ئەدەبیات ـ زانكۆی سەلاحەددین

تاريخ استلام البحث :٦ / ٣ / ٢٠١٦       تاريخ نشر البحث :٥ / ٦ / ٢٠١٦

## پوختەی توێژینەوە

خزمەتگوزاریە تەندروستیەكان لەدیارترین ئەو خزمەتگوزاریانەن كە شار پێشكەشی دانیشتوانەكەی دەكات، لەبەر ئەوەی پەیوەندیەكی ڕاستوخۆی بەژیانی مرۆڤەوە هەیە، و هۆكارێكی سەرەكیشە لە هۆكارەكانی پەرەپێدان، چونكە پەیوەندیەكی بەهێز لەنێوان پێوەرە تەندروستیەكان و پێوەرەكانی پەرەپێداندا هەیە، بەجۆرێك ئاستی تەندروستی بڕیار لەسەر ئاڕاستەی پەرەپیدان دەدات لەهەر بەشێك لەبەشەكانی جیهاندا.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەدیاریكردنی سرووشت و شێوازی دابەشبوونی شوێنیی نەخۆشخانە حكومیەكانی  شاری هەولێر لەمیانەی بەكارهێنانی شێوازی ئاماری و تەكنیكە هاوچەرخەكان، و دۆزینەوەی لایەنە كەم و كورتیە وەزیفیەكانی لە ڕێگای بەكارهێنانی چەندین پێوەری شوێنیی و وەزیفی.

بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانج, بابەتی توێژینەوەكەمان دابەشكردوە بەسەر دوو تەوەردا, لەتەوەرەی یەكەمدا باس لەگەشەسەندنی شارستانی و نەخۆشخانە حكومیەكانی شاری هەولێر و دابەشبوونیان كراوە، تەوەرەی دووەمیش تایبەتە بە لێكۆڵینەوە لە تایبەتمەندی دابەشبوونی شوێنیی نەخۆشخانەكان و شێوازی بلاوبوونەوەیان. لە كۆتایشدا لێكۆڵینەوەكە بەچەند دەرئەنجامێك گەیشتووە، دیارترینیان بریتیە لەوەی كە نەخۆشخانە حكومیەكان بەشێوەیەكی نا هاوسەنگ و ناڕێك دابەش بوون بەسەر ناوچەی توێژینەوەدا، ئەمەش كاردانەوەی دەبێت لەسەر توانستە وەزیفیەكەیان.

## پێشەکی

گرینگیدان بەخزمەتگوزاریەکانی شار و بەرەو پێشبردنیان بنەمایەکی سەرەکیە بۆ گەشەی شارستانی، و بەرپرسیاریەتیەکەشی دەکەوێتە ئەستۆی جوگرافیاناسان، لەمیانەی توێژکردن و شیکردنەوەی شێوازەکانی دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزاریانەو ئاماژەکردن بەتواناکانی بەرەوپێشبردنیان (١) بەڕێگا بڕی و ئاماریەکان لەڕێگای بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)کە لەئێستادا بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی پێدەبەسترێت لەم بوارەدا.

خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانیش یەکێکە لە خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکانی شار و پێداویستیەکی سەرەکی هەر مرۆڤێکیشە لە ژیانی ڕۆژانەیدا، کە کۆمەڵگا مرۆییەکان سەرەڕای جیاوازی لە سیستەمی ڕامیاری و ئابوریان هەوڵ بۆ دابینکردنی دەدەن، کە بەمانای تەندرووستی تاك و کۆمەڵگا دێت و هۆکارێکی سەرەکیشە لە هۆکارەکانی پەرەپێدان، چونکە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان پێوەرەکانی تەندروستی و پیوەرەکانی پەرەپێداندا هەیە(٢)، بە جۆرێك ئاستی تەندروستی بڕیار لەسەر ئاڕاستەی پەرەپیدان دەدات لە هەر بەشێك لە بەشەکانی جیهاندا، لە بەر ئەوەی پەرەپیدان پێویستی بە تاکی تەندرووست هەیە بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانی.

شاری هەولێریش هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیەوە بەشێوەکی فەرمی ئەم خزمەتگوزاریەی تیادا دەرکەوتووە بۆ دابینکردنی پیداویستیە تەندروستیەکانی دانیشتووانی شار و هەرێمە جوگرافیەکەی، و نەخۆشخانە حکومیەکانیش بەشێکن لە دەزگا خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی ئەم شارە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ داواکاری لە سەر زیاد دەبێت لە ئەنجامی گەشەی خێرای دانیشتووان.

## گرینگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زیادبوونی ڕۆڵی نەخۆشخانە حکومیەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بە ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان، هەروەها ڕۆڵیان لە ڕاکێشکردنی زۆرێك لە خزمەتگوزاریە تەندروستیە تایبەتمەندەکان، و نەبوونی توێژینەوەی تایبەت بەنەخۆشخانە حکومیەکان، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە گرنگیەکەی بریتیە لە بەشداریکردنی ئەم توێژینەوەیە لە بونیاتنانی توێژینەوەیەکی جێبەجێکاری بۆ بەشداریکردن لە پلاندانانی تەندرووستی بۆ داهاتووی ئەم شارە.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دیاریکردنی شێوازی دابەشبوونی شوێنیی نەخۆشخانە حکومیەکانی شاری هەولێر لە میانەی بەکارهێنانی شێوازی بڕی و تەکنیکەکانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)، و دۆزینەوەی لایەنە کەم و کورتیەکانی بە بەکارهێنانی چەندین پێوەری شوێنی و وەزیفی.

## گرفتی توێژینەوە:

سەبارەت بەگرفتی توێژنەوەکە خۆی لە نا هاوسەنگی لە دابەشبوونی شوێنیی نەخۆشخانە حکومیەکان لە گەڵ پێشکەوتنی شارستانی شارەکە دەبینێتەوە, کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر توانستی وەزیفی خزمەتگوزاریەکە بینیوە, هەر ئەمەشە پاڵمان پێوەدەنێت کە شیکردنەوە بۆ ئەم خزمەتگوزاریە گرنگە بکەین.

## گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەی توێژینەوەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە شێوازی دابەشبوونی نەخۆشخانە حکومیەکانی شاری هەولێر شێوازێکی هەڕەمەکیەو هاوسەنگ نیە لەگەڵ ڕووبەر و پانتایی شار لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە لە توانایاندا نیە خزمەتگوزاری پێویست پێشکەشی دانیشتوانی شارەکە بکات.

## میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پشتدەبەستێ بە میتۆدی ئیستقرائی کە بەتوێژکردنی بەشەکان دەست پێدەکات و بەگشت کۆتایی دێت، ئەمەش لەمیانەی کۆکردنەوەی داتاکان و دابەشکردنی شوێنیان و شیکردنەوەیان بۆ گەیشتن بەدەرئەنجامی کۆتایی، بە بەکارهێنانی تەکنیکە جێبەجێکارەکانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)، هەروەها چەندین پێوەری ئاماریی بڕیی بەکارهاتووە بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی ڕاست و درووست و دیاریکردنی ئاستی توانا وەزیفیەکانی نەخۆشخانەکان.

## ناوچەی توێژینەوە:

سەبارەت بەناوچەی توێژینەوە(شاری هەولێر) ئەوا لە شوێنێکی جوگرافی گرنگ لە دامێنی چیاکانی کوردستاندا و لەسەر دەشتێکی فراوان هەڵکەوتووە کە بەدەشتی هەولێر ناسراوە، ئەمەش بووەتە هۆی بەدەستهێنانی زۆرێك لەتوانستەکانی فراوانبوون و گەشەی شارەکەو بەرەو پێشچوونی بێ ئەوەی هیچ بەربەستێکی تۆبۆگرافی بێتەبەردەم(٣). وە لە ڕێگای تۆڕێك لەڕێگاوبانی گرنگەوە بەستراوەتەوە بە شارۆچکەکانی دەوروبەری و سەنتەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ناوەڕاست و باشووری عێراق لەلایەك و وڵاتانی دەورووبەر لەلایەکی ترەوە نەخشەی (١).


ئەم تایبەتمەندیانەی کە شاری هەولێر هەیەتی وایکردووە ببێتە مەڵبەندێکی گرینگی ئاوەدانی و ڕاکێشکردن و لەخۆ گرتنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان لەلایەك، هەروها لەلایەکی تریشەوە گرینگیەکی زۆری هەیە لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ هەرێمە کارگێڕیە فراوانەکەی(٤)، بەمەش بووەتە سەنتەرێکی گرینگی شارستانی خزمەتگوزاری کە چەندین خزمەتگوزاری جۆراوجۆر پێشکەشی دانیشتوانی ناوەوەو دەرەوەی هەرێمەکەی دەکات.

سەبارەت بەشوێنی ئەسترۆنۆمی، ئەم شارەکەوتووەتەنێوان هێڵەکانی درێژی(″ ٤١: ′٥٦:°٤٣) و(″٤٣: ′٠٨:°٤٤ )ی ڕۆژهەڵات و بازنەکانی پانی(″٢١: ′٠٧:°٣٦ ) و(″٥١: ′١٤:°٣٦ )ی باکوور، نەخشەی (١)، هەروەها ڕووبەرەکەشی لەساڵی ٢٠١٥ گەیشتووەتە نزیکەی (١٤١,٧) کیلۆمەتری چوارگۆشە (٥).

بەمەبەستی پێکانی ئامانج, بابەتی توێژینەوەکەمان دابەشکراوە بەسەر دوو تەوەردا, تەوەری یەکەم تایبەتە بە باسکردنی کورتەیەکی مێژویی دەربارەی سەرهەڵدان وبەرەوپێشچونی نەخۆشخانەکان و پەیوەندی بە بەرەوپێشچونی شارستانیەوە هەروەها واقیعی دابەشبوونیان بەسەر ناوچەی توێژینەوەدا، لەتەوەرەی دووەمیشدا باس لەتایبەتمەندی دابەشبوونی جوگرافی نەخۆشخانە حکومیەکان و شێوازی بڵاوبوونەوەیان و کاراییە وەزیفیەکانیان کراوە، لەکۆتایشدا لێکۆڵینەوەکە بەچەند دەرئەنجام و ڕاسپاردەیەك گەیشتوو.

نـەخـشـەی ( 1 )

هـەڵـکـەوتـەی نـاوچـەی تـوێـژیـنـەوە سەبارەت بە پارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستان




سەرچاوە:ـ کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:ـ ١/ هاشم یاسین محمدامین و ئەوانی تر،ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، کۆمپانیای تێنوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٦٤،٣٩.

٢/ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان، نەخشەی شاری هەولێر، ٢٠١٤.

## تەوەرەی یەکەم :ـ گەشەسەندن و دابەشبوونی جوگرافی نەخۆشخانە حکومیەکان لەشاری هەولێر

### یەکەم :ـ گەشەسەندنی مێژوویی نەخۆشخانە حکومیەکانی شاری هەولێر.

لێکۆڵینەوە لە بەرەو پێشچوونی مێژویی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان لەو لایەنە گرنگانەیە کە سروشتی بەرەو پێشچونی کەرتی خزمەتگوزاری لەکات و شوێنێکی دیاریکراو و ڕاددەی گونجانیان لەگەڵ پێداویستیەکانی ژیاندا ڕووندەکاتەوە، بەتایبەتیش خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان، چونکە مافێکی سەرەکی و پێداویستیەکی بنەڕەتی هەر مرۆڤێکە، بەجۆرێك هیچ ڕەگەزێکی گرنگتر لەو نیە بۆ مانەوەی مرۆڤ، هەروەها بۆ گەشەپێدان و بەرهەمهێنان و چێژ وەرگرتن لەژیان(٦). وەهەر لەبەر ئەم گرنگیەی خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتیەکانە لە ژیانی هەر کۆمەڵگایەکدا کە بووەتە جێگای گرنگی پێدانی جوگرافیناسان(٧) و لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی سەرهەڵدان و بەرەوپێشچونیان، چونکە لێکۆڵینەوە لە هەر دیاردەیەك پێویست بەزانینی ڕەگ و ڕیشە مێژوییەکەی دەکات، لەبەر ئەوەی زانینی ڕابردوو پێویستیەکە بۆ تێگەیشتنی ئێستاو زانینی ئەو گۆڕانکاریانەی کەڕوو دەدەن لەئەنجامی گەشەو پێشکەوتنەکەی کە کاریگەری جێدەهێلێت لەسەر ئێستا(٨). لەم ڕوانگەیەوە بە چەند قۆناغێك باس لەبەرەو پێشچوونی خزمەتگوزاری نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر دەکەین، کە ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە لەبەرەو پێشچوونی شارستانی (ئاوەدانی و دانیشتووان)ی ئەم شارە دەکات، چونکە لێکۆڵینەوە لەلایەنی ئاوەدانی گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان کردارەکانی فراوانبوونی ئاوەدانی و بەرەوپێشچوونی ئەم خزمەتگوزاریەو دیاریکردنی قەبارەی فراوانبوونی شار لەماوەی قۆناغە جیاوازەکاندا، وە گرنگی زانینی بەرەوپێشچوونی قەبارەی دانیشتوانیش پیوەرێکە بۆ زانینی ئەو بەرەوپێشچوونەی کە شار پیایدا تێدەپەڕیت لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە زانینی سرووشتی پەیوەندی نێوان زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و زیادبوونی پێداویستیەکانیانە بۆ خزمەتگوزاریەکان.

ئەوەی تایبەتە بە بەرەوپێشچوونی ناوچەی توێژینەوەکەمان ئەوا بە چوار قۆناغی جیاواز باسی لێوەدەکەین، کە هەر قۆناغێك خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیەتی بەم شێوەیەی خوارەوە:.

## قۆناغی یەکەم:- پێش ساڵی ١٩٥٨.

شاری هەولێر مێژوویەکی دوور و درێژی هەیەو بەکۆنترین شاری زیندوو دادەنرێت لەجیهاندا کە تاوەکوو ئێستادا ژیان تیایدا بەردەوامە(٩) و مێژوەکەشی دەگەڕیتەوە بۆ زیاتر لە(٥٠٠٠) ساڵ بەر لەزاین(١٠). و پێداویستیە تەندروستیەکان یەکێکن لەو خزمەتگوزاریانەی کە ژیانی هەر مرۆڤێك پێیەوە پەیوەستەو لێی جیانابێتەوە، بۆیە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەم پێداویستیە بەشێوە سەرەتاییەکەی بوونی هەبووەو لەگەڵ بەرەوپێشچوونی شارستانی زیادبوونی پێداویستی مرۆڤ بۆی ئەویش پێشکەوتنی بەخۆوەبینیووە. ئەوەی تایبەتیشە بە شاری هەولێر لە مێژووی کۆنیدا لە هەندێ سەرچاوەدا ئاماژە بەبوونی تیمارگەو نەخۆشخانەی ئەم شارە کراوە، هەروەکوو ئەوەی کە لە سەردەمی ئەتابەگیاندا و لەسەر دەستی دەسەلأتداری ئەو سەردەمەی شاری هەولێر سوڵتان موزەفەرەدین گۆکبۆریدا (٦٣٠)کۆچی(١٢٠٩)زاینی شاری هەولێر گەشەو فراوانبوونی بەخۆوە بینیووە و چەندین خزمەتگوزاری تیادا بونیاتنراوە، یەکێکیش لەوانە دروستکردنی نەخۆشخانەیەك بووە بۆ ئەم شارە(١١).

ئەوەی تایبەتیشە بە مێژووی نوێی ئەم شارە، کە مەبەست لێی لەدرووستبوونی دەوڵەتی عێراقەوەیە دوای ساڵی ١٩٢١، ئەوا باس لە درووستکردنی چەند نەخۆشخانەیەك دەکرێت، بەجۆرێك لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٧ کە ڕووبەری شاری هەولێر گەیشتووەتە(٨,٤١)کم٢ و ژمارەی دانیشتووانەکەشی گەیشتووەتە(٣٩٩١٣)کەس خشتەی (١) کە بەسەر (١٤) گەڕەکدا دابەش ببوون نەخشەی (٢)، ژمارەی نەخۆشخانەکان بریتی بوون لە(٣) نەخۆشخانە، بەجۆرێك یەکەم نەخۆشخانە لە ساڵی (١٩٢٩ز) و دووەم نەخۆشخانەش لەساڵی (١٩٣٢) بەناوی نەخۆشخانەی مەلەکی و سێیەمیش کە تایبەت بووە بە نەخۆشیەکانی سینگ لەساڵی (١٩٥٢ز) لەم شارەدا بونیاتنراون (١٢).

## قۆناغی دووەم:- ١٩٥٨ـ ١٩٧٧.

شاری هەولێر لەم ماوەیەدا پێشکەوتنێکی گەورەی شارستانی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش لە دەرئەنجامی چەندین ڕووداوە بووە، لەوانەش شۆڕشی تەمموزی(١٩٥٨) کەبوو هۆی گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی لەعێڕاقدا و لەم ماوەیەدا چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاری بونیاتنران کە شاری هەولێریش پشکی تیادا هەبوو(١٣)، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو ڕووداوە ڕامیاریانەی کە لەم قۆناغەدا ڕوویانداوە کاریگەری بەرچاویان هەبووە لە گەشەو پێشکەوتنی شارەکە، بەجۆرێك لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١) ئەم ناوچەیە ببووە گۆڕەپانی شەڕ لەنێوان سوپای عێڕاقی و هێزە شۆڕشگێرە کوردیەکان کە بووە هۆی زیاد بوونی کۆچی دانیشتووان لەلادێوە بۆ شار، بەتایبەتیش ناوچە سنوریەکان لەگەڵ ئێراندا(١٤)،

هەروەها لە دەرئەنجامی ڕێککەوتننامەی ئازار(١٩٧٠ ـ ١٩٧٤) لەنێوان دەوڵەتی عێراق و سەرکردایەتی کورددا، ئەم شارە هێمنی و ئارامی ڕامیاری و ئاسایشی بەخۆوەبینی، ئەمەش بەشدار بوو لە بەرەوپێشچوون و فراوانبوونی ئەم شارە، بەجۆرێك کرا بەمەڵبەندی حوکمی خۆیی کوردستانی عێراق.

ئەم هۆکارانە ڕۆڵی بەرچاویان بینیووە لە گەشەی دانیشتووان و فراوانبوونی ڕووبەری شاری هەولێر، بەجۆرێك ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارە لە ساڵی ١٩٧٧ گەیشتە(١٩٣٥٥٨)کەس و ڕووبەرەکەشی گەیشتە(٣٧,٧٦)کم٢ خشتەی (١)، بەمەش ئەم شارە بەگشت لاکانیدا پەلی هاویشت و ژمارەی گەڕەکەکانی بوو بە(١٨)گەڕەك نەخشەی (٢). لەگەڵ ئەوەشدا لەم ماوەیەدا جگە لەوەی نەخۆشخانەکانی دیکە گرگیان پێدرا و کەل و پەلی زیاتریان بۆ دابینکرا، دوو نەخۆشخانەی دیکەی گەورەش بونیاتنران، یەکەمیان بەناوی نەخۆشخانەی کۆماری لەساڵی (١٩٥٩) کە لەئێستادا ناوەکەی گۆڕاوە بۆ نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری، دووەمیشیان بەناوی نەخۆشخانەی تاداران لەساڵی(١٩٧٦)کرایەوە و لە ساڵی(٢٠٠١) ئەم نەخۆشخانەیە داخرا(١٥)، بەمەش ژمارەی نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر گەیشتنە(٥) نەخۆشخانە.

خشتەی (١) ژمارەی دانیشتووان و ڕووبەر و ژمارەی نەخۆشخانەحکومیەکانی شاری هەولێر لەنێوان سالانی(١٩٥٧ـ٢٠١٥)

| قۆناغەکان | ژمارەی دانیشتووان | ڕووبەری شار/ کم٢ | ڕووبەری بونیاتنراو/کم٢ | ژمارەی نەخۆشخانە حکومیەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٣٩٩١٣ | ٨,٤١ | ٠,٩٦ | ٣ |
| ١٩٥٨ ـ ١٩٧٧ | ١٩٤٥٥٨ | ٣٧,٧٦ | ١٢,٣٤ | ٥ |
| ١٩٧٨ ـ ٢٠٠٢ | ـ | ٨٩,٦٩ | ٥٤,٣٣ | ٦ |
| ٢٠٠٣ ـ ٢٠١٥ | ٨١٦٨٩٢ | ١٤١,٧ | ١١٣,٣٤ | ١١ |

سەرچاوە:. ١. فاتیمە قادر مستەفا ، دابەشبوونی دانیشتووانی شاری هەولێر، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، لەبلاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ٢٠٠٨، ل٣٨.

٢ـ هیوا صادق سلیم ، التحلیل الجغرافی لکفاوە التوزیع المکانی للخدمات التعلیمیە فی مدینە اربیل، اگروحە دکتوراە(غیر منشورە)، جامعە صلاح الدین، کلیە الاداب، قسم الجغرافیە، اربیل، ٢٠١٢، ص١٩.

٣ـ هونەر عبداللە کاك احمد ، تغیرات استعمالات الارچ فی مدینە اربیل بین ١٩٨٥ـ ٢٠٠٢، رسالە ماجستیر(غیر منشورە)، جامعە صلاح الدین، کلیە الاداب، قسم الجغرافیە، اربیل، ٢٠٠٤، ص٧٠.

٤. امیر قادر عزیز، هەڵسەنگاندنێکی جوگرافی بەکارهێنانەکانی زەوی ئاینی لەشاری هەولێر بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(G IS)، نامەی ماستەر(بلاونەکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٣، ل٤٩.


**قۆناغی سێیەم:- ١٩٧٨ـ ٢٠٠٢.**

شاری هەولێر لەم قۆناغەیدا پێشکەوتنێکی گەورەی شارستانی بەخۆوەبینیووە، بەجۆرێك ئەم شارە بەگشت لاکانیدا فراوان بووەو پەلی هاویشتووە، ئەمەش لەئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ناوچەکەدا هات، بەر لەهەمووشیان جەنگی نێوان عێراق و ئێران لەماوەی (١٩٨٠-١٩٨٨)، کە بووەهۆی کۆچ پێکردنی زۆرێك لەدانیشتووانی گوند و شارۆچکەکان بۆ ناو شاری هەولێر(١٦)، و گواستنەوەی زانکۆی سلیمانی لە شاری سلێمانیەوە بۆ شاری هەولێر(١٩٨١)، هەروەها ئەو گۆڕانکاریە رامیاری و کارگێریانەی هاتنەکایەوە لە دوای راپەڕینی بەهاری (١٩٩١) و درووستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان (١٩٩٢) بەتایبەتیش دوای ئەوەی شاری هەولێر کرا بە پایتەختی هەرێمی کوردستان بەمەش گرنگیەکی گەورەی رامیاری و کارگێری بەدەست هێنا، بەجۆرێك کاریگەریەکی بەرچاوی هەبوو لەراکێشانی ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان بۆ ئەم شارەو دەرئەنجامیش گەشەو فراوانبوونی لێکەوتەووە، بەشێوەیەك لەکۆتایی ئەم قۆناغەدا رووبەری شارەکە گەیشتە(٨٩,٦٩)کم٢ خشتەی (١)، بەمەش ژمارەی گەڕەکەکانی بەرز بووەوە بۆ (٤٧)گەڕەك نەخشەی (٢).

ئەم بەرەوپێشچوونە شارستانیەی ئەم شارە بەخۆوەی بینی پێویست بوون بەدابینکردن و بوونیاتنانی خزمەتگوزاریەکانی لێکەوتەوە، لەوانەش خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان، بەجۆرێك لەم ماوەیەدا ئەو سێ نەخۆشخانەی کە لە قۆناغی یەکەمدا درووستکرابوون لەگەڵ نەخۆشخانەی تاداران کە لە قۆناغی دووەمدا بونیاتنرابوو بە هۆی کەونی و خراپی بیناکانیانەوە داخران بەڵام چەندین نەخۆشخانەی گەورەو پێشکەوتووی تر کرانەوە، ئەوانیش بریتی بوون لەنەخۆشخانەکانی پزگاری لەساڵی(١٩٨٥)، نەخۆشخانەی لەدایك بوون و منداڵان و نەخۆشخانەی فریاکەوتن لەساڵی(١٩٨٦) و پاشانیش لەساڵی (١٩٩٧) نەخۆشخانەی ( Em egency) و نەخۆشخانەی راپەڕین کە تایبەتە بە منداڵان لەساڵی (٢٠٠٢)، بەمەش ژمارەی نەخۆشخانە حکومیەکان گەیشتنە(٦) نەخۆشخانە.

نەخشەی (2)

قۆناغەکانی فراوانبوونی شاری هەولێر (1958 --- 2015)




**سەرچاوە:. کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:. ١. پارێزگای هەولێر، بەشی (GIS)، نەخشەی شاری هەولێر، ٢٠١٤.**

**٢- هونه ر عبدالله كاك احمد، تغيرات استعمالات الارج فى مدينه اربيل بين ١٩٨٥- ٢٠٠٢، رساله ماجستير(غير منشوره)، جامعه صلاح الدين، كليه الاداب، قسم الجغرافيه، اربيل، ٢٠٠٤.**

**٣- ساكار بهاوالدين ال مدرس ، الانماگ السكنيه فى مدينه اربيل، رساله ماجستير(غير منشوره)، جامعه صلاح الدين، كليه الاداب، اربيل، ٢٠٠٣.**

### قۆناغی چوارەم:- ٢٠٠٣ــ ٢٠١٥.

ئەم قۆناغەی شاری هەولێر لەگشت قۆناغەکانی دیکەی جیاوازترە، بەوەی دەسپێکێکی خێرای نواند لە فراوانبوونی شارستانی بەکارهێنانەکانی نیشتەجێبوون بەتایبەتی و بەکارهێنانەکانی تر بەشێوەیەکی گشتی، بەجۆرێك لە ڕابردوودا شێوەی وای بەخۆوە نەبینی بوو، ئەمەش بەهۆی سەقامگیر بوونی باری ڕامیاری و ئاسایش و کۆمەڵایەتی و ئابووری، و هەڵگیرانی هەردوو ئابلوقەی ئابووری لەسەر هەرێمی کوردستان لەدوای کەوتنی ڕژێمی پێشووی عێراق لەساڵی(٢٠٠٣)( ١٧). هەروەها داننانی عێراق بەحکومەتی هەرێمی کوردستان و چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی بۆ عێراق، کە بووە هۆی کرانەوەی هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی بەڕووی جیهاندا و هاتنی سەدەها کۆمپانیای بیانی و ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی ئاوەدانی و وەبەرهێنان لەگشت بوارەکاندا. ئەمانەگشتیان بوونە هۆکارێکی ئیجابی لەسەر گەشەو فراوانبوونی ئەم شارە، بەجۆرێك لەکۆتایی ئەم قۆناغەدا ڕووبەرەکەی گەیشتە (١٤١،٧)کم٢ خشتەی (١)، بەمەش ژمارەی گەڕەکەکانی زیادی کرد بۆ (٨٤) گەڕەك نەخشەی (٢). هەرچی تایبەتیشە بەلایەنی تەندرووستی ئەوا چەندین نەخۆشخانەی حکومی لەم شارەدا بونیاتنراوون، ئەوانیش بریتین لە نەخۆشخانەی دەروونی و نەخۆشخانەی نانەکەلی تایبەت بەنەخۆشیەکانی خوێن لەساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوە و نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە نەخۆشیەکانی دڵ و کردنەوەی هەردوو نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا. لەکۆتایی ئەم قۆناغەدا ژمارەی نەخۆشخانەکان گەیشتووەتە(١١) نەخۆشخانە کە ناو و ناونیشان و شوێنە جوگرافیەکەیان لەخشتەی (٢) دەردەکەوێت.

## دووەم :ـ دابەشبوونی جوگرافی نەخۆشخانە حکومیەکان لەشاری هەولێر.

دابەشبوون بە کڕۆکی کاری جوگرافی دادەنرێت، بگرە هەندێ جاریش وا لەجوگرافیا دەڕوانرێت کە زانستی دابەشبوونی شوێنییە، و دیاردە جیاوازەکان لەسەر ڕووی زەوی توێژ دەکات، ئەمەش بە وەسفکردن و شیکردنەوەو لێکدانەوەیان، وە بەر لەدەرکەوتنی تەکنیکە نوێیەکان جوگرافیناسان دابەشبوونە جوگرافیەکانیان بەبێ بوونی پێوەرە بابەتیەکان وەسف دەکرد(١٨) بەگوێرەی مەزەندە کەسیەکانی خۆیان. دابەشبوونی شوێنیی دیاردە جوگرافیەکان یەکێك لەبابەتە گرنگەکان دەنوێنێ لەنێو زانستی جوگرافیادا، تەنانەت ئەگەر تایبەتیش بێت بەتوێژکردنی لایەنی شوێنیی بەبێ زانستەکانی تریش، و جوگرافیناس گرنگی دەدات بەتوێژکردنی دابەشبوونی دیاردەکان لەشوێنێکدا، و دابەشبوون لە جوگرافیادا بریتیە لە دووبارە بوونەوەی دیاردەکان لە شوێنێکدا یاخوود ئەو ڕێکخستنەیە کە لە دەرئەنجامی دابەشبوونی دیاردەکان بەگوێرەی شێوازێکی تایبەت دەردەکەوێت (١٩).

جوگرافیای خزمەتگوزاری لقێکی نوێیە لەجوگرافیای جێبەجێکاری، کە وەکوو گرنگیەکی فکری و جێبەجێکاری بەدەرکەووت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێداویستیە ڕاستەوخۆ و هەنوکەییەکانی کۆمەڵگا لادێیی و شارستانیەکان (٢٠)، وەئاڕاستە نوێیەکانی جوگرافیای جێبەجێکاری تەرکیز دەکاتە سەر گرنگیدان بەدابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاریە گشتیەکان کە هەر تاکێکی کۆمەڵگا پیویستی پێیەتی لەژیانی ڕۆژانەیدا بۆ پێشکەشکردنی باشترین یارمەتی بۆی بە ئاسانترین شێوە، کە بەهۆکارێکی بنەڕەتی دادەنرێت لە دابەشبوونی سەنتەری خزمەتگوزاریە گشتیەکان لەشاردا.

خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی شاری هەولیر بە گشتی و نەخۆشخانە حکومیەکان بە تایبەتی گەشەیەکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە هەم لە ڕووی ژمارە و هەمیش لە ڕووی پێکهاتە خزمەتگوزاریەکانیانەوە بە تایبەتی لەم ماوانەی دواییدا، ئەمەش لە ئەنجامی گەشە و زۆر بوونی دانیشتووانی ئەم شارە بە حوکمی ئەوەی یەکێکە لە گرینگترین شارەکانی عێراق و پایتەختی هەرێمی کوردستانیشە، کە بووەتە هۆی ڕاکێشکردن و لەخۆگرتنی زۆرێك لە پسپۆڕیە جیاوازەکان و بونیاتنانی نەخۆشخانەی گشتی و تایبەتی. لە ئێستادا لە شاری هەولێر (١١) نەخۆشخانەی حکومی بونیان هەیە و خزمەت بە دانیشتوانی ئەم شارە و هەرێمە جوگرافیەکەی دەکەن. لەم بەشەی توێژینەوەکەماندا باس لە پێکهاتەو واقیعی دابەشبوونی نەخۆشخانەکان دەکەین، وە بۆ ئاسانی باسکردنیان نەخۆشخانەکانمان بۆ (٣) گروپ پۆلێن کردووە بەم شێوەیەی خوارەوە:ـ

یەکەم/ نەخۆشخانە گشتیەکان: مەبەست لەم جۆرە نەخۆشخانانە ئەوەیە کە تایبەت نین بە یەك جۆر لە پسپۆڕی بەڵکو زۆربەی پسپۆڕیە جاوازە پزیشکیەکان لەخۆ دەگرن، و ژمارەیان تەنیا دوو نەخۆشخانەیە، ئەوانیش بریتین لە نەخۆشخانەی ڕزگاری فێرکاری و نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری.

نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری کەوتووەتە بەشەکانی ناوەوەی شار و لە گەڕەکی سێتاقاندا هەڵکەوتووە نەخشەی(٣)، و گرینگترین نەخۆشخانەیە لەم شارەدا و بەرزترین ڕێژەی پزیشك و پەرستارانی نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر کاری تیدا دەکەن بە ڕێژەی(٢٠.٨١٪)بۆ پزیشك و ڕێژەی(١٦.٧٩٪) بۆ پەرستاران کە ژمارەکەیان بەدوای یەکدا بریتیە لە(٩٨) و(٦٠٠) خشتەی(٢). هەرچی نەخۆشخانەی ڕزگاریشە ئەوا بە دووەم گرینگترن نەخۆشخانەی ئەم شارە دادەنرێت و کەوتووەتە بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی شار و بە تایبەتیش لە گەڕەکی خەبات هەڵکەتووە، نەخشەی(٣)، و پلەی دووەمی وەرگرتووە بە لەخۆگرتنی ژمارەی پزیشکان و پەرستاران بەڵام بەرزترین ڕێژەی قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکانی بەرکەوتووە بە ڕێژەی(٢٥.٣٩٪) کە ژمارەیان (٤٨٦) قەرەوێڵەیە خشتەی(٢).

**خشتەی(٢)**

**دابەشبوونی جوگرافی و پێکهاتەی خزمەتگوزاری نەخۆشخانەحکومیەکانی شاری هەولێر (٢٠١٥)**

| پ | ناوی نەخۆشخانە | ناونیشان گەڕەک | ژمارەی پزیشك | ڕێژەکەی ٪ | پەرستار* | ڕێژەکەی ٪ | ژمارەی قەرەوێڵە | ڕێژەکەی ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕزگاری فێرکاری | خەبات | ٩٦ | ٢٠.٣٨ | ٣٨٨ | ١٠.٨٦ | ٤٨٦ | ٢٥.٣٩ |
| ٢ | هەولێری فێرکاری | سێتاقان | ٩٨ | ٢٠.٨١ | ٦٠٠ | ١٦.٧٩ | ٤٣٠ | ٢٢.٤٧ |
| ٣ | ڕاپەڕینی منداڵان | کوێستان | ٢٨ | ٥.٩٥ | ٢٣٥ | ٦.٥٨ | ١٩٠ | ٩.٩٣ |
| ٤ | ئافرەتان و لەداکبوون | کوێستان | ٩١ | ١٩.٣٢ | ٣٤١ | ٩.٥٤ | ٣٠٥ | ١٥.٩٤ |
| ٥ | دەروونی هەولێر | سێتاقان | ١٤ | ٢.٩٧ | ١٥٩ | ٤.٤٥ | ٥٠ | ٢.٦٢ |
| ٦ | فریاکەوتنی هەولێر ناوەند | سێتاقان | ١٥ | ٣.١٩ | ١٣٥ | ٣.٧٨ | ٩٨ | ٥.١٢ |
| ٧ | پسپۆری سەنتەری دڵ | ڕاستی | ٣٥ | ٧.٤٣ | ٢١٨ | ٦.١ | ١٠٠ | ٥.٢٣ |
| ٨ | نانەکەلی | ئازادی | ٢٠ | ٤.٢٥ | ٢٣٢ | ٦.٥ | ٤١ | ٢.١٤ |
| ٩ | فریاکەوتنی ڕۆژهەڵات | خەبات | ٣٠ | ٦.٣٧ | ٦٣٠ | ١٧.٦٣ | ٥٨ | ٣.٠٣ |
| ١٠ | فریاکەوتنی ڕۆژئاوا | شادی | ٣٥ | ٧.٤٣ | ٥٠٩ | ١٤.٢٤ | ١٠١ | ٥.٢٨ |
| ١١ | ئێمەرجێنسی | بەختیاری | ٩ | ١.٩١ | ١٢٦ | ٣.٥٣ | ٥٥ | ٢.٨٧ |
| کۆی گشتی | | | ٤٧١ | ١٠٠ | ٣٥٧٣ | ١٠٠ | ١٩١٤ | ١٠٠ |

سەرچاوە:. ١. هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەی تەندروستی هەولێر، بەشی ئامار، داتای نەخۆشخانە حکومیەکانی شاری هەولێر، ٢٠١٥.

٢ . هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەی تەندروستی هەولێر، گشت نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر، بەشی ئامار، ٢٠١٥.

دووەم/ نەخۆشخانە تایبەتمەندەکان: مەبەست لێیان ئەو نەخۆشخانانەن کە هەر یەکێکیان تایبەتە بە پسپۆڕیەکی تایبەت و دیاریکراو، و ژمارەیان لە شاری هەولێردا بریتیە لە (٥) نەخۆشخانە، کە لە خشتەی(٢) و نەخشەی(٣)دا دەردەکەون بەم شێوەیەی خوارەوە:.

١. نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایك بوون: ئەم نەخۆشخانەیە تایبەتە بە نەخۆشیەکانی ئافرەتان و لە دایك بوون و کەوتووەتە بەشەکانی باکوری شاری هەولێر و لە گەڕەکی کوێستادا هەڵکەوتووە، ئەویش سێیەم گەورەترین نەخۆشخانەی ئەم شارەیە بە لەخۆگرتنی ڕێژەی(١٩.٣٢٪)ی پزیشکان و (١٥.٩٤٪) ی قەرەوێڵەکانی گشت نەخۆشخانەکانی ئەم شارە.
٢. نەخۆشخانەی پسپۆڕی سەنتەری دڵ: ئەم نەخۆشخانەیە تایبەتە بە نەشتەرگەری و چارەسەری نەخۆشیەکانی دڵ و دەمارەکانی خوێن و یەکێکە لە نەخۆشخانە نوێیەکانی ئەم شارە و کەوتوەتە گەڕەکی ڕاستی لە بەشەکانی باشووری شار، ژمارەی قەرەوێڵەکانی برییتە لە (١٠٠) قەرەوێڵە و (٣٥) پزیشك و (٢١٨) پەرستار تیایدا خزمەتگوزاری پێشکەشی نەخۆش دەکەن.
٣. نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی مندالآن: ئەم نەخۆشخانەیە لە بەشەکانی باکوری شار لە گەڕەکی کویستان هەڵکەوتووە و (٢٨) پزیشك و (٢٣٥) پەرستار و ژمارەی قەرەوێڵەکانیشی بریتە لە(١٩٠) قەرەوێڵە.
٤. نەخۆشخانەی نانەکەلی: نەخۆشخانەی نانەکەلی تایبەتە بە نەخۆشیەکانی خوێن، و (٢٠)پزیشك و(٢٣٦)پەرستار کاری تیادا دەکەن و لە بەشی باشوری شاری هەولێر و لە گەڕەکی ئازادی هەڵکەوتووە.
٥. نەخۆشخانەی هەولێری دەروونی: ئەم نەخۆشخانەیە کەوتووەتە ناو نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری و ژمارەی پزیشکەکانی بریتیە لە (١٤)پزیشك و (١٥٩) پەرستار و ژمارەی قەرەوێڵەکانیشی بریتین لە (٥٠) قەرەوێڵە.

سێیەم/ نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن: مەبەست لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن ئەو نەخۆشخانانەن کە پێشوازی لەو کەسانە دەکەن کە توشی نەخۆشی و ڕووداوی لەناکاو هاتوون و پێویستیان بە چارەسەرێکی خێرا هەیە. ئەم جۆرە نەخۆشخانانە لە ناوچەی توێژینەوەکەماندا ژمارەیان(٤) نەخۆشخانەیە و بە شێوەیەکی جیاواز دابەش بوون، خشتەی(٢) و نەخشەی(٣)، بەم شێوەیەی خوارەوە:.

١. نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێری ناوەند: ئەم نەخۆشخانەیە لە بەشەکانی ناوەوەی شار و بە تایبەتیش لە گەڕەکی سێتاقاندا هەڵکەوتووە، و تەنها ڕێژەی(٣.١٩٪) ی

**پزیشکان و(٣.٧٣٪) ی پەرستار و (٥.١٢٪) قەرەوێڵەکانی نەخۆشخانەکانی ئەم شارەیان پێکهێناوە.**


٢. **نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەڵات: ئەمەش لە نەخۆشخانە نوێیەکانی ئەم شارەیە و لە گەڕکی خەبات لە بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی شاردا هەڵکەوتووە لە تەنیشت نەخۆشخانەی ڕزگاری فێرکاری، وە زۆرترین ژمارەی پەرسارانی لەخۆ گرتووە کە بریتیە لە (٦٣٠) پەرستار بە ڕێژەی (١٧.٦٣٪)ی گشت پەرستارانی نەخۆشحانەکانی شاری هەولێر.**

٣. **نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا: ئەم نەخۆشخانەیە نوێترین نەخۆشخانەیە کە لەم شارەدا بونیاتنرابێت، و کەوتووەتە بەشەکانی باشووری ڕۆژئاوای شار و لە گەڕەکی شادیدا هەڵکەوتووە، و زۆرترین ژمارەی پزیشك و قەرەوێڵەی لەخۆ گرتووە لە نێو نەخۆشخانەکانی فریاکەوتندا کە ژمارەیان (٣٥) پزیشك و (١٠١) قەرەوێڵەیە.**

٤. **نەخۆشخانەی ئیمیرجێنسی: ئەم نەخۆشخانەیە تایبەتە بە ڕووداوەکانی سوتان و لە بەشەکانی باکوری ڕۆژئاوادا لە گەڕەکی بەختیاری هەڵکەوتووە، و کەمترین ژمارەی پزیشکان و پەرستارانی نەخۆشخانەکانی ئەم شارەیان لەخۆگرتووە بە ڕێژەی تەنها(١.٩١٪) ی پزیشکان و (٣.٥٣٪) ی پەرستاران.**

**نەخشەی (3)**

**دابەشبوونی جوگرافی نەخۆشخانە حکومیەکانی شاری هەولێر (2015)**




سەرچاوە ـ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: ١. هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان، نەخشەی شاری هەولێر،٢٠١٥. ٢. هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەشی ئامار، زانیاری نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر ٢٠١٥. ٣ـ کاری مەیدانی.

## تەوەرەی دووەم :- تايبە تمەندی شوێنیی و كارایی وەزیفی نەخۆشخانە حكومیەكان لەشاری هەولێر.

### يەكەم - تايبە تمەنديە شوێنیەكانی دابەشبوونی نەخۆشخانە حكومیەكان لەشاری هەولێر.

جوگرافیا خۆی لەخۆیدا بریتیە لە زانستی شوێن، كە هەوڵدەدات و دەگەڕێت بەدوای دیاردە جوگرافیەكان و دۆزینەوەی پێكهاتە شوێنیەكان و شێوازی بڵاوبوونەوەیان بەدرێژایی كات و شوێن، هەروەها مەبەستی هەڵوەستەكردنە لەسەر ئەو گۆڕانكاریانەی بەسەر پێكهاتە شوێنیەكاندا دێن بە تێپەڕبوونی كات. ئێمەش لەم تەوەرەی توێژینەوەكەماندا و بەپشتبەستن بەتەكنیكە نوێ و هاوچەرخەكان هەوڵدەدەین لە سرووشت و شێوازی بڵاوبوونەوە و دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزاری نەخۆشخانە حكومیەكانی شاری هەولێر بكۆڵینەوە.

يەكێك لە تايبەتمەنديەكانی جوگرافيا ئەوەيە كە بەزۆری پێوەرەكانیەوە ناسراوە دەربارەی دابەشبوونی دیاردەكان، كە دەكرێت زیاتر لە پێوەرێك بەكاربهێنرێت بۆ زانینی سرووشتی دابەشبوونی دیاردەكان و هەر يەكێكیش لەو پێوەرانە ئاماژەو تايبەتمەنديەكی جوگرافی تايبەت بەخۆی هەيە لەوانەش (پەيوەندی نزيكترين هاوسێ Nearest Neighbor Analysis)، و(ئاڕاستەی دابەشبوون Directional Distribution))، كەدەكرێت بەكاريان بهێنين بۆ لێكۆڵينەوە لەسرووشت و تايبەتمەندی دابەشبوونی خزمەتگوزاری نەخۆشخانەكانی شاری هەولێر.

١- ئاڕاستەی دابەشبوون. (Directional Distribution).

تەكنيكی ئاڕاستەی دابەشبوون هەڵدەستێ بەپێوانەكردنی ئاڕاستەی دابەشبوونی دیاردەكان ياخوود ڕەگەزەكانی دیاردەيەك، كە بەدەوری ناوەندە شوێنیەكەياندا بڵاوبوونەتەوە، لەڕێگای وێنەكێشانی بازنەيەكی شێوە هێلكەيی بەدەوری ناوەندە شوێنیەكەياندا (21)، بەمەش ئاڕاستەی شێوە هێلكەييەكە ئاماژەيە بە ئاڕاستەی دابەشبوونی دیاردەكان، كە زۆربەی ڕەگەزەكانی دیاردەكە دەگرێتەخۆی(22).

لەدوای جێبەجێكردنی تەكنيكی ئاڕاستەی دابەشبوون(Directional Distribution) لە چوارچێوەی (ArcGis10) لەسەر خزمەتگوزاری نەخۆشخانە حكومیەكانی شاری هەولێر، ئەوا بەو دەرئەنجامانە گەيشتين كە لە خشتەی (٤) و نەخشەی (٤)دا دەردەكەوێت، بەجۆرێك ئاڕاستەی ڕاستەقينەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشخانەكانی شاری هەولێر كە شێوەيەكی هێلكەيی وەرگرتووە لە باشووری ڕۆژئاواوە بەرەو باكووری ڕۆژهەڵات درێژبووەتەوە بەنرخی سوڕانەوەی

(٣٣) پلە لە باکوورەوە بەرەو ڕۆژهەڵات، بەشێوەیەك (٧٢,٧٣٪) ی خاڵی نەخۆشخانەکانی گرتووەتەخۆ, بەجۆرێك ئاڕاستەی بڵاوبوونەوەیان هەمان ئاڕاستەی فراوانبوونی شارەکەو بڵاوبوونەوەی دانیشتووانی وەرنەگرتووە، ئەمەش کاری کردوەتە سەر کارایی وەزیفیی نەخۆشخانەکان و بووەتە هۆی ئەوەی کە نەتوانن ئەرکەکانیان بە شێوەیەکی ڕاست و درووست جێبەجێ بکەن.


**خشتەی(٤) ئاڕاستەی دابەشبوونی نەخۆشخانەحکومیەکانی شاری هەولێر (٢٠١٥)**

| بەهای تەوەرەکانی ئاڕاستەی دابەشبوون | | | ڕێژەی سەدی ژمارەی مزگەوتەکانی ناو شێوە هێلکەییەکە |
|---|---|---|---|
| بەهای X (م) | نرخی Y (م) | پلەی سوڕانەوە | |
| ١٨٥٩ | ٣٦٨٥ | ٣٣ | ٧٢.٧٣ |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریەبەدەستهاتووەکان لەجێبەجێکردنی ئاڕاستەی دابەشبوون لەچوارچێوەی پرۆگرامی (ArcGIS9.3).

نەخشەی (4)

ئاراستەی دابەشبوونی نەخۆشخانە حکومیەکانی شاری هەولێر (2015)




سەرچاوە ـ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:ـ ١. بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی سیتەمی زانیاریە جوگرافیەکان.
٢. هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی،بەشی ئامار، زانیاری نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر ٢٠١٥. ٣. کاری مەیدانی.

**٣-٢- شێوازی(نمگ) دابەشبوونی نەخۆشخانە حکومیەکان لەشاری هەولێر.**

**شێواز بریتیە لەو ئاراستەو شێوەیەی کە خاڵەکانی دیاردەیەکی جوگرافی وەریدەگرێت لە دابەشبوونە شوێنیەکەی لەسەر ڕووی زەوی وە پەیوەندی شوێنی هەر خاڵێکی دیاردە توێژکراوەکە بەوانی ترەوە، کە دەبێت خاڵەکان لەیەك نزیك و ماوەی نێوانیشیان ڕێك یان ناڕێك بێت، یاخود دەبێت خاڵەکان لەیەك دوور و ماوەی نێوانیشیان ڕێك یان ناڕێك بێت، یانیش دەبێت شێوازێکی هەڕەمەکی بێت(٢٣).**

**سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان خاوەنی چەندین تەکنیك و ڕێگای ئاماریی شوێنییە، کە توێژەران پشتی پێدەبەستن و بەکاریدەهێنن بۆ گەڕان بەدوای زانینی شێوازی دابەشبوونی دیاردە جوگرافیەکان، بەجۆرێك دەرئەنجامێکی بڕی تەواو و دروستت دەداتێ بەبێ پێویست بوون و ئەنجامدانی پێوانەکردن و بەکارهێنانی هاوکێشەکان، ئەمەش بیرۆکەیەکی گشتیت پێدەبەخشێ لەسەر تایبەتمەندی دیاردەکان، بەجۆرێك خوێنەر بیرۆکەیەکی لەسەر چۆنیەتی و شێوازی دابەشبوونی شوێنیی دیاردە جوگرافیەکان لەلا درووست دەبێ(٢٤). کە دەکرێت لەم توێژینەوەیەماندا بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامێکی ئاماریی ڕاست و درووست دەربارەی شێوازی دابەشبوونی نەخۆشخانە حکومیەکانی شاری هەولێر پەنا ببەین بۆ تەکنیکی پەیوەنی هاوسێیەتی(Nearest Neighbor Analysis) لە چوارچێوەی تەکنیکەکانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان( ArcGIS 10).**

**ئەم تەکنیکە یەکێکە لە گرنگترین ڕێگا ئاماریەکان بۆ دۆزینەوەی سرووشتی دابەشبوونی شوێنیی دیاردە جوگرافیەکان، کەدەکرێت لە ڕێگایەوە پلەی ڕێکی و هەڕەمەکی دیاردەکانی پێ بپێورێت لە یەکە ڕووبەرێکی دیاریکراودا، ئەمەش لەمیانەی شیکردنەووەی دووری ڕاستەقینەی جیاکەرەوە لەنێوان ڕەگەزەکانی دیاردەکەو ڕێژەی تێکراکەی بەرامبەر بەتێکرای دووری پێشبینیکراوی نێوان دیاردەکان لە شێوازی هەڕەمەکیدا(٢٥)، وە نرخی ئەم پێوەرە دەکەوێتە نێوان (٠) بۆ(٢.١٤٩)، بە جۆرێك نرخی(سفر) شێوازی کۆکراوە ئەنوێنێ و (٠.٥ _ ٠.١) لە یەك نزیکی ناڕیك، و (٠.٩_ ٠.٦) لە یەك نزیکی بەرەو هەڕەمەکی، و یەکی تەواو شێوازێکی هەڕەمەکی ئەنوێنێ، وە(١.٩ _ ١.١) شێوازێکی لە یەك دوور، وە هەروەها (٢.١٤٩_ ٢) شێوازێکی ڕێك و پێك ئەنوێنێ(٢٦). وە دەکرێت لەمیانەی خشتەی (٥) و شێوەی (١) کە شێوازی دابەشبوونی نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر دەنوینن تێبینی ئەوە بکەین کە نرخی پلەی پێوەری (Z– Score) بریتیە لە (٣.٠٤_ ) ، ئەم نرخەش دەکەوێتە دەرەوەی پشتێنەی ناچاری (2.58) (Critical Value تا ـ ٢.٥٨)، واتە کەوتونەتە ناوچەی پەسەند نەکراوەوە، لەبەر ئەوە گریمانەی بنەڕەتی (گریمانەی نەبوون) ڕەتدەکەینەوە کە دەڵێت:**


شێوازی دابەشبوونی نەخۆشخانە حکومیەکانی شاری هەولێر شێوازێکی هەڕەمەکیەو دەرئەنجامی هۆکاری ڕێکەوت بووە, بۆیە گریمانەی جێگرەوە قبولّ دەکەین کەدەڵێت: شێوازی دابەشبوونی نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر شێوازێکی تایبەت و ڕێکخراوە لەژێر کاریگەری هۆکاری دیاریکراودایەو دوورە لە شێوازی هەڕەمەکی، وە ئاستی باوەڕپێکردن بۆ قبول نەکردنی گریمانەکە بریتیە لە(٠.٠١)، بەو واتایەی (١٪) ئەگەری هەڵە هەیە لە قبولنەکردنی گریمانەی جێگرەوە، واتە(٩٩٪) ئەگەری ڕاستی لە گریمانەکە هەیە، وە نرخی شیکردنەوەی پەیوەندی هاوسێیەتیەکەشی گەیشتووەتە(٠,٥٢)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەشێوازی دابەشبوونەکەیان شێوازێکی لەیەك نزیکی ناڕێکە، هۆکاری سەرەکیش لەمەدا بریتیە لەوەی کە بەشێك لەم نەخۆشخانانە لە نزیك یەك بونیاتنراون چونکە پێویستیان بە پسپۆڕیە جیاوازەکانی یەکتری هەیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش، بەلاّم لە لایەکی دیکەوە بەشێوەیەکی ناڕێك دابەش بوون بەسەر ناوچەی توێژینەوەدا ئەمەش کاریکردووەتە سەر دابەزینی ئاستی کارایی وەزیفی ئەم نەخۆشخانانە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا .

خشتەی(٥)

دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی نەخۆشخانەحکومیەکانی شاری هەولێر (٢٠١٥)

| بەهای پەیوەندی هاوسێیەتی | بەهای پێوەری Score | پلەی Z | ئاستی باوەڕپێکراو Signification level | بار | شێوەی دابەشبوونی دامەزراوەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ٠.٥٢ | -٣.٠٤ | | ٠.٠١ | پەسەند نەکراو | لەیەك نزیکی ناڕێك |

سەرچاوە:- بنکەی زانیاریەبەدەستهاتووەکان لەجێبەجێکردنی پەیوەندی هاوسێیەتی لەچوارچێوەی پرۆگرامی (ArcGIS9.3).



Given the z-score of -3.04, there is a less than 1% likelihood that this clustered pattern could be the result of random chance.

**دووەم :ـ كارايی وەزيفی نەخۆشخانە حكوميەكانی شاری هەولێر.**

ئەگەر توانست ياخود كارايی پێوەرێكی گرينگ بێت بۆ بڕياردان لە سەر ئاستی ڕۆڵی هەر ڕێكخراوێك، ئەوا سەبارەت بە دامەزراوە تەندروستيەكان گرينگيەكی تايبەتی هەيە لە سەر ئەو ئەركانەی لێی داواكراوە لە پێشكەشكردنی باشترين خزمەتگوزاری تەندروستی لە هەر كات و شوێنێكدا بۆ پاراستنی تەندروستی تاكەكانی هەر كۆمەڵگايەك(٢٧). لێرەشدا بە مەبەستی شيكردنەوەی كارايی خزمەتگوزاری نەخۆشخانە حكوميەكانی شاری هەولێر ژمارەيەك پێوەری شوێنی و وەزيفی بەكاردەهێنين كە دەكرێت لە ميانەياندا توانا و ئاستی ئەم خزمەتگوزاريە دياريبكەين، بەم شێوەيەی خوارەوە:-

يەکەم:. پێوەرە وەزیفیەکان.

لەپێناو زانینی کارایی وەزیفی خزمەتگوزاری تەندروستی نەخۆشخانە حکومیەکانی ناوچەی توێژینەوە پشتمان بەستووە بە بەکارهێنانی چەندین پێوەری تایبەت بەم بوارە، ئەوانیش بریتین لە :.

١/ تێکڕای ژمارەی دانیشتوان بۆ هەر نەخۆشخانەیەك.

پێوانەکردنی تێکڕای (کەس/نەخۆشخانە) لەو پێوەرە گرینگانە هەژماردەکرێت کە پەیوەندی نێوان قەبارەی دانیشتوان و ژمارەی نەخۆشخانەکان دەردەخات. ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی شاری هەولێر بۆ ساڵی ٢٠١٥ کە بریتیە لە (٨٤٢٢١٥) کەس(٢٨) بەراوورد بکەین بە ژمارەی نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر(١١ نەخۆشخانە)، هەر وەکوو لە خشتەی (٦)دا دەردەکەوێت، بە گوێرەی پێوەری عێراقی کە (٦٠٠٠٠--٧٠٠٠٠)کەس بۆ هەر نەخۆشخانەیەك دیاریکراوە. ئەوا تێبینی ئەوە دەکرێت کە بەشی هەر نەخۆشخانەیەك لە دانیشتووان دەگاتە (٧٦٥٦٥)کەس، ئەمەش زیاترە لە بەشی پێویست بە ڕێژەی (٦٥٦٥)کەس بۆ هەر نەخۆشخانەیەك، بەم شێوەیە نەخۆشخانەکان ناتوانن بەگوێرەی پێویست خزمەت بە دانیشتوانی شارەکە بکەن، بۆیە پێویست بە بونیاتنانی نەخۆشخانەی زیاتر دەکات لەم شارەدا.

٢/ تێکڕای ژمارەی دانیشتوان بۆ هەر قەرەوێڵەیەك.

ژمارەی قەرەوێڵە ڕێبەرێکی گرنگە بۆ پێوانەکردنی ئاستی خزمەتگوزاریە پزیشکیەکان لە هەر دامەزراوەیەکی تەندروستیدا و گۆڕاوێکە جۆری خزمەتگوزاریە پزیشکی و تەندروستیەکان و قەبارەیانی پێ دیاریدەکرێت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکی گونجاو بۆ دانیشتوان(٢٩)، بەجۆرێك بە گوێرەی پێوەری دیاریکراو بۆ ئەم مەبەستە بۆ هەر هەزار کەس لە دانیشتووان (٣) قەرەوێڵە دیاریکراوە خشتەی(٦). بە جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە بەسەر ناوچەی توێژینەوەکەدا، ئەوا دەردەکەوێت کە هەر سێ قەرەوێڵە لە نەخۆشخانەکاندا(١٣٢٠) کەسی لە دانیشتوانی شاری هەولێر بەردەکەوێت بەمەش (٣٢٠) کەس زیاترە لە پێوەری دیاریکراو، بەمەش ناهاوسەنگی بەدەردەکەوێت لە نێوان ژمارەی دانیشتووان و ژمارەی قەرەوێڵەکانی نەخۆشخانەکاندا کە کاردانەوەی خراپی هەیە لەسەر ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان بۆ دانیشتوانی شاری هەولێر.

**خشتەی(٦)**

**پێوەرەکانی پێوانەکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر**

| ژ | پێوەر | ڕێژەی پێوەر | ناوچەی توێژینەوە |
|---|---|---|---|
| ١ | تێکرای نەخۆشخانە بۆ دانیشتووان | ١: (٦٠-٧٠)هەزار | ١: ٧٦٥٦٥ |
| ٢ | تێکڕای قەرەوێڵە بۆ دانیشتووان | ٣: ١٠٠٠ | ٣: ١٣٢٠ |
| ٣ | تێکڕای پزیشك بۆ دانیشتوان | ١:١٠٠٠ | ١: ١٧٨٨ |
| ٤ | تێکڕای پزیشك بۆ قەرەوێڵە | ١: ٥-٦ | ١: ٤ |
| ٥ | تێکڕای پزیشك بۆ پەرستار | ١:٣ | ١: ٧.٥٩ |
| ٦ | تێکڕای پەرستار بۆ قەرەوێڵە | ١: ١- ٤ | ١: ٠.٥٤ |
| ٧ | تێکڕای پەرستار بۆ دانیشتووان | ٢: ١٠٠٠ | ٢: ٤٧٢ |

سەرچاوە:. ١. صلاح هاشم الاسدی وتحسین جاسم السهلانی، قیاس کفاوە الخدمات الصحیە فی مدینە الناصریە، مجلە اداب البصرە،العدد(٦٨)، ٢٠١٤،ص٢٧٠.

٢ . وزارە التخگیگ، هیئە التخگیگ الاقلیمی، قسم الاسکان والمستوگنات البشریە، اسس ومعاییر مبانی الخدمات العامە، بغداد، ١٩٧٧، ص٥٦.

٣. اسراو هیپم احمد صالح العبیدی، التباین المکانی للخدمات الصحیە فی محافگە دیالی، اگروحە دکتوراە(غیر منشورە)، کلیە التربیە، جامعە دیالی، ٢٠١٣، ص١١١-.١١٤

٤. گە مصحب حسین الخزرجی، تقویم الکفاوە الوگیفیە الصحیە فی قچاو بلد، مجلە دیالی، العدد(٥٦)، ٢٠١٢، ص١٤ .

٥. ماهر ناصر عبداللە، واقع التوزیع الجغرافی للخدمات الصحیە فی مدینە السماوە، مجلە اداب الکوفە، العدد(٥)، ٢٠٠٨، ص٤٠٨ .

٦. خشتەی(١) و ژمارەی دانیشتووانی شاری هەولێر.

### ٣/ تێکڕای ژمارەی دانیشتوان بۆ هەر پزیشکێك.

ئەمەش یەکێکە لە پێوەرەکانی پێوانەکردنی ئاستی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان کە دەکرێت بەکاری بهێنین وەکوو پێوەرێکی باش بۆ بەراووردکردنی تێکڕای ژمارەی دانیشتوانی شاری هەولێر بۆ هەرپزیشکێکی نەخۆشخانەکانی ئەم شارە. بۆ ئەم مەبەستە بە دابەشکردنی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بەسەر ژمارەی پزیشکانی نەخۆشخانەکاندا کە دەرئەنجامەکەی لە خشتەی (٦)دا دەردەکەوێت، ئەوا تێبینی دەکرێت کە بەشی هەر پزیشکێك لە دانیشتووان گەیشتوەتە(١٧٨٨)کەس، ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار بەرزە بە بەراوورد بە پێوەری دیاریکراو کە بریتیە لە (١: ١٠٠٠)، بەمەش (٧٨٨) کەس بۆ هەر پزیشکێك زیاترە لە پێوەر،

ئەمەش كاریگەری خراپی هەیە لەسەر ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، بۆیە پێویست بە زیادکردنی ژمارەی پزیشکان دەکرێت لە شاری هەولێر.

٤/ تێکڕای ژمارەی قەرەوێڵە بۆ هەر پزیشکێك.

ئەم پێوەرە توانای بەکارهێنانی پزیشکەکان بۆ قەرەوێڵە دەردەخات لە دامەزراوە تەندروستیە گەورەکاندا(نەخۆشخانەکان) لەسەر بنەمای ژمارەی ئەو قەرەوێڵانەی کە هەر پزیشکێك بەکاری دەهێنێت و دیاریکراوە بە(١: ٥-٦) واتە هەر پزیشکێك لە توانایدا هەیە خزمەتی پێنج تا شەش نەخۆش بکات کە لە نەخۆشخانە دەمینێنەوە، بەجۆرێك زیادبوونی ژمارەی قەرەوێڵە بۆ هەر پزیشکێك کاردانەوەی خراپی دەبێت لەسەر خزمەتگوزاری پێشکەشکراو بە نەخۆش وە بە پێچەوانەشەوە. لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە بەسەر ناوچەی توێژینەوەدا ئەوا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ژمارەی قەرەوێڵە بۆ هەر پزیشکێك بریتیە لە (١: ٤)، ئەمەش کەمترە لە ڕێژەی دیاریکراو کە کردانەوەی باشی دەبێت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، چونکە کاتی دیاریکراو لە لایەن هەر پزیشکێکەوە بۆ هەر قەرەوێڵەیەك زیاد دەکات.

٥/ تێکڕای ژمارەی پەرستاران بۆ هەر پزیشکێك.

ئەم تێکڕایە ئاماژەیە بە ناوەندی ژمارەی پەرستاران بۆ هەر پزیشکێك، وە ئەم تێکڕایە (١: ٣) واتە سێ پەرستار بەرانبەر یەك پزیشك وەکوو پێوەرێکی پەسەند دیاریکراوە، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە هەریەکێك لە پزیشکان و پەرستاران دەیگێڕن لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان، بەجۆرێك زیادبوونی ژمارەی پەرستاران لە پێوەری دیاریکراو واتە بەکارهێنانی باشتر وە بەپێچەوانەشەوە(٣٠).

بە جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە لە سەر پەرستاران و پزیشکانی شاری هەولێر، ئەوا دەردەکەوێت کە ڕێژەکە بریتیە لە(١: ٧.٥٩) خشەی(٦) واتە زیاتر لە (٧) پەرستار بەرانبەر هەر پزیشکێك، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بەرزە و دەکاتە زیاتر لە دوو بەرانبەر بە بەراوورد بە پێوەری دیاریکراو، بەم شێوەیە بەرز بوونەوەی بەشی هەر پزیشکێك لە پەرستاران ئاماژەیە بە بوونی توانای زیاتر لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندرووستی بەو نەخۆشانەی سەردانی نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر دەکەن یاخود بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە نەخۆشخانە دەمینێنەوە بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەر.

٦/ تێکڕای ژمارەی پەرستاران بۆ هەر قەرەوێڵەیەك.

ئەم پێوەرە بەکاردەهێنرێت بۆ دیاریکردنی ژمارەی قەرەوێڵە بۆ هەر پەرستارێك کە لە ڕێگەیەوە کارایی ئەو خزمەتگوزاریە دەپێورێت کە هەر پەرستارێك لە دامەزراوە تەندروستیەکاندا پێشکەش بەو نەخۆشەی دەکات کە لەسەر قەرەوێڵەیەك دەمینێتەوە، بەجۆرێك هەرچەندە ژمارەی قەرەوێڵە بەرانبەر هەر پەرستارێك زیاد بکات کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئاستی کارایی ئەو

پەرستارەی خزمەتگوزاری پێشکەش بە نەخۆش دەکات، وە هەرچەندە ژمارەی قەرەوێڵە کەمتر بێت لە پێوەری دیاریکراو ئەوا ئاستی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو زیاد دەکات(٣١). لەبەر ئەوە پێویستە جەخت لەسەر هاوسەنگی نێوان ژمارەی قەرەوێڵە و ژمارەی پەرستاران بکرێتەوە لە نەخۆشخانەکاندا. ئەم ڕێژەیە لە شاری هەولێر بریتیە لە (١: ٠.٥٤) واتە (٠.٥٤) قەرەوێڵە بۆ هەر پەرستارێك خشتەی(٦)، ئەم ڕێژەیەش زۆر کەمترە لە پێوەری دیاریکراو، بەم شێوەیە هەر پەرستارێك توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویستی هەیە بۆ هەر نەخۆشێك کە لەسەر قەرەوێڵەیەك دەمینێتەوە بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەر.

٧/ تێکڕای ژمارەی دانیشتوان بۆ هەر پەرستارێك.

ئەم ڕێژەیە ناوەندی ژمارەی دانیشتوان بۆ هەر پەرستارێك دەنوێنیٚ، وە ئەم ڕێژەیە گرنگی زۆری هەیە لە پێوانەکردن و پلاندانانی پێکهاتەی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان کە پێشکەش بە دانیشتوانی هەر ناوچەیەك دەکرێت.

بە سەیرکردنی خشتەی (٦) دەردەکەوێت کە ڕێژەی پەرستاران بۆ دانیشتووان لە ناوچەی توێژینەوەدا بریتیە لە (٢: ٤٧٢)، واتە هەر دوو پەرستارێك دەتوانن خزمەت بە (٤٧٢)کەس بکەن کە ڕێژەیەکی زۆر کەمترە لە پێوەری دیاریکراو بۆ ئەم مەبەستە، ئەمەش ئاماژەیەکی باش نیشان دەدات، واتە پەرستارانی نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر دەتوانن خزمەتگوزاری تەواو پێشکەشی دانیشتووانی ئەم شارە بکەن.

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر لە بەشێك لە ئەرکە وەزیفیەکانیان ناتوانن بە گوێرەی پێوەر خزمەت بە دانیشتووان بکەن وەکوو پێورەکانی(تێکرای نەخۆشخانە بۆ دانیشتووان)، (تێکڕای قەرەوێڵە بۆ دانیشتووان) و (تێکڕای پزیشك بۆ دانیشتوان)، بەلاٚم بەگوێرەی پیوەرەکانی دیکە نەخۆشخانەکان چالاکن لە بەجێگەیاندنی ئەرکە وەزیفیەکانیاندا.

دووەم:. پێوەری شوێنیی (ڕووبەر).

کارایی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان تەنها پشت بە پێوەرە وەزیفیەکان نابەستێت، بەڵکو پشتدەبەستێت بە پێوەرە شوێنیەکانیش لەوانەش ڕووبەری دامەزراوە تەندروستیەکان پێوەرێکی گرنگە بۆ دیاریکردنی ئاستی خزمەتگوزاری ئەم دامەزراوانە. بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی پلاندانانی عێراق ڕووبەرێکی پێویستی دیاریکردووە بۆ بونیاتنانی نەخۆشخانە گشتیەکان ئەویش بریتیە لە (١٠٠)مەتر چوارگۆشە بۆ هەر قەرەوێڵەیەك(٣٢).

نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر جیاوازی گەورە لە نێوانیاندا هەیە لە ڕووی ڕووبەرەوە هەروەها لە ڕووی لەخۆگرتنی ژمارەی قەرەوێڵەوە بۆیە بەشی هەر قەرەوێڵەیەك لە ڕووبەری نەخۆشخانە جیاوازی دەبێت لە نێوان نەخۆشخانەکانی ئەم شارەدا، کە دەکرێت لە میانەی خشتەی(٧)دا تێبینی ئەوە بکرێت کە کۆی گشتی ڕووبەری نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر

دەكاتە (٣٣٤٨١٢)مەتر چوارگۆشە وە ژمارەی قەرەوێڵەكانیش بریتیە لە (١٩١٤) قەرەوێڵە، بەمەش بەشی هەر قەرەوێڵەیەك لە ڕووبەر لەسەر ئاستی گشت نەخۆشخانەكان دەگاتە(١٧٤.٩٣)مەتر چوارگۆشە، ئەم ڕووبەرەش زۆر زیاترە لە ڕووبەری دیاریكراو بە گوێرەی پێوەر، بەم شێوەیە نەخۆشخانەكانی شاری هەولێر دەتوانن خزمەتگوزاری پێویست پێشكەشی دانیشتوانی ئەم شارە بكەن، بەڵام لەسەر ئاستی هەر نەخۆشخانەیەك ڕێژەكە جیاوازی هەیە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:-

١. بەگوێرەی پێوەری دیاریكراو تەنها سێ نەخۆشخانە ناتوانن بە ئەركە وەزیفیەكانیان هەڵسن بەشێوەیەكی تەواو ئەوانیش بریتین لە نەخۆشخانەكانی (هەولێری فێركاری، ڕاپەڕینی منداڵان و دەروونی هەولێر )، بەڵام (٨) نەخۆشخانەكەی دیكە ڕێژەی زۆر بەرزتر لە پێوەریان تۆمار كردووە.

خشتەی (٧)

ڕێژەی ڕووبەری نەخۆشخانە حكومیەكانی شاری هەولێر بەرانبەر هەر قەرەوێڵەیەك

| ژ | ناوی نەخۆشخانە | ڕووبەر م٢ | ژمارەی قەرەوێڵە | ڕێژەكەی ڕووبەر / قەرەوێڵە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕزگاری فێركاری | ١١٠٣٩٩ | ٤٨٦ | ٢٢٧.١٦ |
| ٢ | هەولێری فێركاری | ٣٥٧٥٦ | ٤٣٠ | ٨٣.١٥ |
| ٣ | ڕاپەڕینی منداڵان | ١٣٥٠٥ | ١٩٠ | ٧١ |
| ٤ | ئافرەتان و لەدایك بوون | ٥٥٨٢٣ | ٣٠٥ | ١٨٣ |
| ٥ | دەروونی هەولێر | ٤٧٨٢ | ٥٠ | ٩٥.٦٤ |
| ٦ | فریاكەوتنی هەولێر ناوەند | ٢٤٢١١ | ٩٨ | ٢٤٧ |
| ٧ | پسپۆڕی سەنتەری دڵ | ١٠٧٥٨ | ١٠٠ | ١٠٧.٥٨ |
| ٨ | نانەكەلی | ٧٥٢٢ | ٤١ | ١٨٤.٤٦ |
| ٩ | فریاكەوتنی ڕۆژهەلات | ٣٦٣٣٦ | ٥٨ | ٦٢٦.٤٨ |
| ١٠ | فریاكەوتنی ڕۆژئاوا | ٢٣٩٦٦ | ١٠١ | ٢٣٧.٢٩ |
| ١١ | ئیمیرجینسی | ١١٧٥٤ | ٥٥ | ٢١٣.٧١ |
| | كۆی گشتی | ٣٣٤٨١٢ | ١٩١٤ | ١٧٤.٩٣ |

سەرچاوە:. كاری توێژەر بە پشتبەستن بە: - هەرێمی كوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەی تەندروستی هەولێر، بەشی ئامار، داتای نەخۆشخانە حكومیەكانی شاری هەولێر، ٢٠١٥.

٢. بەرزترین ڕێژە بەر نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەلآت دەکەوێت کە بریتیە لە (٦٢٦.٤٨)مەتر چوارگۆشە بۆ هەر قەرەوێڵەیەك کە دەکاتە زیاتر لە چوار بەرانبەر بە پێوەری دیاریکراو، ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار بەرزە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕووبەرێکی زۆر لە زەوی بۆ ئەم نەخۆشخانەیە تەرخانکراوە، بە دوای ئەویشدا هەریەکە لە نەخۆشخانەکانی ڕزگاری فێرکاری و فریاکەوتنی ڕۆژئاوا و ئیمیرجێنسی دێن کە ڕێژەکەیان بەدوای یەکدا بریتیە لە (٢٢٧.١٦) ، (٢٣٧.٢٩)، (٢١٣.٧١) مەتر چوارگۆشە.

٣. نزمترین ڕێژەی هەر قەرەوێڵەیەك بۆ ڕووبەر بەر نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی منداڵان کەوتووە کە بریتیە لە(٧١) مەتر چوارگۆشە بەرانبەر هەر قەرەوێڵەیەك، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر نەگونجاوە، بە دوای ئەویشدا هەریەکە لە نەخۆشخانەکانی هەولێری فێرکاری و دەروونی هەولێر دێن کە ڕێژەکانیان بە دوای یەکدا بریتیە لە (٨٣.١٥) و (٩٥.٦٤) مەتر دووجا بۆ هەر قەرەوێڵەیەك.

لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بەشێك لە نەخۆشخانەکان ناتوانن بەگوێرەی پێوەر ڕووبەری دیاریکراو بەرانبەر هەر قەرەوێڵەیەك دابین بکەن ئەمەش دەبێتە هۆی کەم و کورتی لە ئەرکە وەزیفیەکانیان، بەڵام لە بەرانبەردا زۆرێك لە نەخۆشخانەکان بە گوێرەی ئەم پێوەرە خزمەت پێشکەشی دانیشتوانی ئەم شارە دەکەن.

دەرئەنجامەکان:. لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بە چەند دەرئەنجامێکی گرینگ گەیشتین کە گرینگترینیان بریتین لە:.

١. نەخۆشخانە حکومیەکانی شاری هەولێر ژمارەیان (١١) نەخۆشخانەیە کە هەر یەکێکیان جیاوازە لەوانی دیکە بە لەخۆگرتن ژمارەی پزیشك و پەرستاران و قەرەوێڵە، ئەمەش کاردانەی هەیە لەسەر ئەرکە وەزیفیەکانیان.

٢. نەخۆشخانەکان بەشێوەیەکی ناڕێك دابەش بوون بەسەر ناوچەی توێژینەوەدا.

٣. ئاڕاستەی دابەشبوونی نەخۆشخانەکان لە باشووری ڕۆژئاواوە بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات درێژبووەتەوە بەجۆرێك هاوئاڕاستە نیە لەگەڵ ئاڕاستەی فراوانبوونی شارەکەو بڵاوبوونەوەی دانیشتواندا، ئەمەش کاری کردوەتە سەر کارایی وەزیفیی نەخۆشخانەکان.

٤. بەگوێرەی تەکنیکی پەیوەندی هاوسێیەتی (Nearest Neighbor Analysis)کە نرخەکەی بریتیە لە ((٠,٥٢)) شێوازی بڵاوبوونەوەی نەخۆشخانەکان شێوازێکی لەیەك نزیکی ناڕێکە.

٥. نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر لە بەشێك لە ئەرکە وەزیفیەکانیان ناتوانن بە گوێرەی پێوەر خزمەت بە دانیشتووان بکەن وەکوو پێورەکانی(تێکرای نەخۆشخانە بۆ دانیشتووان)، (تێکڕای قەرەوێڵە بۆ دانیشتووان) و (تێکڕای پزیشك بۆ دانیشتوان).

٦. بەشێك لە نەخۆشخانەکان ناتوانن بەگوێرەی پێوەر رووبەری دیاریکراو بەرانبەر هەر قەرەوێڵەیەك دابین بکەن ئەمەش دەبێتە هۆی کەم و کوورتی لە ئەرکە وەزیفیەکانیان

## پێشنیارەکان:-

١. کارکردن بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەم و کورتیانەی هەیە لە نەخۆشخانەکاندا لە پزیشکان و پەرستاران و قەرەوێڵە بەمەستی دابینکردنی باشترین خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ دانیشتوان.

٢. کارکردن بۆدووبارە رێکخستنەوەی هاوسەنگی لە دابەشبوونی نەخۆشخانەکان بەسەر ناوچەی تویێژینەوەدا و کردنەوەی نەخۆشخانەی زیاتر.

٣. لەبەر چاوگرتنی پێوەرەکانی پلاندانان لە کاتی بونیاتنانی نەخۆشخانەکاندا لە پێناو بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان.

٤. لەبەر چاوگرتنی ژمارەو چڕی دانیشتوان و ئاڕاستەی فراوانبوونی شار لە کاتی بونیاتنانی نەخۆشخانەی نوێدا.

٥. پشتبەستن بە تەکنیکە نوێ و هاوچەرخەکان لەکاتی دروستکردن و بونیاتنان و دەستنیشان کردنی شوێنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان.

## پەراوێزەکان:-

١. بشير ابراهيم الگيف واخرون، خدمات المدن ـ دراسه في الجغرافيه التنمويه، دون مكان الگبع، گ١، ٢٠٠٩، ص١٧.

٢. فؤاد غچبان، جغرافيه الخدمات، دون مكان و سنه الگبع، ص١٩١.

٣. خليل اسماعيل محمد، اربيل دراسات ديموغرافيه ـ اقتصاديه، مگبعه وزاره اپقافه، اربيل، ٢٠٠٣، ص٨٦.

٤. امير قادر عزيز، هەڵسەنگاندنێکی جوگرافی بەکارهێنانەکانی زەوی ئاینی لەشاری هەولێر بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٣، ل٣٦.

٥. بنكەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لەئەنجامی کێشانی نەخشەی شاری هەولێر بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان.
٦. عبدالله اسماعيل حمد، دور العوامل الاجتماعيه والاقتيّاديه فى التوسع الحچرى لمدينه اربيل للفتره ١٩٩٤ ـ ٢٠٠٨ ـ دراسه تحليليه ـ حچريه، اگروحه دكتوراه(غير منشوره)، كليه الاداب، جامعه يّلاح الدين، اربيل، ٢٠١١، ص١٥٦.
٧. خلف حسين الدليمى، تخگيگ الخدمات المجتمعيه والبنيه التحتيه اسس . معاير . تقنيات، دار اليّفاو للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠٩، ١٠٦.
٨. امير قادر عزيز، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.
٩. زبير بلال، ابن خلكان . حياته واپاره، مگبعه الاحد، بغداد، ١٩٧٩، ص٧.
١٠. گه باقر، مقدمه فى تاريخ الحچارات القديمه، القسم الاول، مگبعه شركه التجاره، بغداد، ١٩٥٥، ص٢٣.
١١. حیسامەددین نەقشبەندی، هێلکاری هەولێر لە کتێبی ئیبن مستەوفیدا(تاريخ اربيل)، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی پێنجەم، چاپخانەی گرین گالۆری، بیروت، ١٩٩٩، ل٢٠١٧.
١٢. ئیبراهیم تاهیر مەعروف ڕەباتی، مێژووی پزیشکی لە شاری هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی شەشەم، چاپخانەی گرین گالۆری، بیروت، ل٢٧٢٣–٢٧٣٧.
١٣. ساكار بهاوالدين ال مدرس، الانماگ السكنيه فى مدينه اربيل، رساله ماجستير(غير منشوره)، جامعه صلاح الدين، كليه الاداب، قسم الجغرافيه، اربيل، ٢٠٠٣، ص٥٦–٥٧.
١٤. خلیل اسماعیل محمد، لایەنی دیمۆگرافی بزاوتی کۆچ لە پارێزگای هەولێر، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (سیاسەتی دەولی)،ژمارە(١٧)،ساڵی پێنجەم، سلێمانی، ١٩٩٦، ل١٤.
١٥. ئیبراهیم تاهیر مەعروف ڕەباتی، مێژووی پزیشکی لە شاری هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی شەشەم، چاپخانەی گرین گالۆری، بیروت، ١٩٩٩، ل٢٧٣٤–٢٧٣٥.
١٦. خليل اسماعيل محمد، اربيل دراسات ديموغرافيه ـ اقتصاديه، المصدر السابق، ص٩٠–٩١.
١٧. عبدالله اسماعيل حمد، المصدر السابق، ص٢٠٠.
١٨. امال بنت يحيى الشيخ ، تحليل نمگ توزيع الحدائق العامه فى مدينه جده باستخدام نڤم المعلومات الجغرافيه(GIS)، بحپ منشور على الموقع الالكترۆنى http: //www.geotunis.org، ص٥.

١٩. صفوح خير، الجغرافيه موچوعها و مناهجها واهدافها، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٢، ص٢٤٠.
٢٠. اشرف على عبده، التباين المكانى لتوزيع محگات الوقود فى المدينه المنوره باستخدام نڤم المعلومات الجغرافيه(GIS)، بحپ منشور على موقع الالكترونى . http: //www.geotunis.org،ص١٣.      (*) مەبەست لە پەرستار بریتیە لە (ممرچين و ممرچات).
٢١. ريدار نبيل عبدالرحمان، التحليل المكانى والوڤيفى للخدمات الڵحيه فى محافڤه دهوك، رساله ماجستير(غير منشوره)، فاكولتى العلوم الانسانيه، سكول الاداب، جامعه دهوك، ٢٠١٤،ص٢٤.
٢٢. جمعه داوود، الجيوماتكس علم المعلومات الارچيه، مكه المكرمه، المملكه العربيه السعوديه، ٢٠١٤، ص٢٧٤.
٢٣. امير قادر عزيز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.
٢٤. عبدالله ابو عياش، الاحصاو والكومبيوتر فى معالجه البيانات مع تگبيقات جغرافيه، دار غريب للگباعه، القاهره، دون سنه گبع، ص٦١.
٢٥. ناصر عبدالله صالح، محمد محمود السريانى، الجغرافيا الكميه والاحیائیه - اسس وتگبيقات بالاساليب الحاسوبيه الحديپه، مكتبه العبيكان، الگبعه ١، الرياچ، ٢٠٠٠،ص٢٢٦.
٢٦. جمعه محمد داود، اسس التحليل المكانى فى ايگار نڤم المعلومات الجغرافيه، مكه المكرمه، المملكه العربيه السعوديه، ٢٠١٢، ص٢٧٨.
٢٧. هيوا صادق سليم و امير قادر عزيز، تحليل الكفاوه المكانيه والوڤيفيه للخدات الصحيه فى مدينه كويسنجق، مجله جامعه كركوك للدراسات الانسانيه، المجلد(١٠)، العدد(٣)، ٢٠١٥، ص٢٦٠.
٢٨. بۆ بەدەستهێنانی ژمارەی دانیشتوانی شاری هەولێر لە ساڵی ٢٠١٥ پشت بەستراوە بە پێشبینی کردنی ژمارەی دانیشتوان پشتبەست بە ئەنجامەکانی ژمارەدانان و گەمارۆسازی دانیشتوان (٢٠٠٩) بە زیادکردنی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی(٣.٠٪) بۆ هەر ساڵێك کە لە لایەن دەزگای ئاماری هەرێم کاری پێدەکرێت.
٢٩. اسراو هيپم احمد صالح العبيدى، التباين المكانى للخدمات الصحيه فى محافڤه ديالى، اگروحه دكتوراه(غير منشوره)، كليه التربيه، جامعه ديالى، ٢٠١٣، ص١١٤.

٣٠. ماهر ناصر عبدالله، واقع التوزيع الجغرافي للخدمات الصحيه في مدينه السماوه، مجله اداب الكوفه، العدد(٥)، ٢٠٠٨، ص٤٠٨.

٣١. اسراو هيپم احمد صالح العبيدى، المصدر السابق، ص١٢٦.

٣٢. صلاح مهدى الزيادى واخرون، كفاوه الخدمات الصحيه في مدينه الكوت، مجله كليه التربيه الاساسيه، جامعه بابل، ٢٠١٢، ص٢٦٥.

## سەرچاوەكان:


١- بشير ابراهيم الگيف واخرون، خدمات المدن ـ دراسه في الجغرافيه التنمويه، دون مكان الگبع، گ١، ٢٠٠٩.

٢- جمعه محمد داود، اسس التحليل المكانى في ايگار نڤم المعلومات الجغرافيه، مكه المكرمه، المملكه العربيه السعوديه، ٢٠١٢.

٣- جمعه داوود، الجيوماتكس علم المعلومات الارچيه، مكه المكرمه، المملكه العربيه السعوديه، ٢٠١٤.

٤- خلف حسين الدليمى، تخگيگ الخدمات المجتمعيه والبنيه التحتيه اسس ـ معاير ـ تقنيات، دار الێڤاو للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠٩.

٥- خليل اسماعيل محمد، اربيل دراسات ديموغرافيه ـ اقتصاديه، مگبعه وزاره اپڤافه، اربيل، ٢٠٠٣.

٦- شرکف فتحکى الشافعکى، الدلکل العلمکى لاداره نڤم المعلومات الجغرافکه Gis باستخدام مجموعه برمجکاتArcGis Desktop، دار الكتب العلمکه للنشر و التوزکع ، القاهره ، ٢٠٠٨.

٧- صفوح خير، الجغرافيه موچوعها و مناهجها واهدافها، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٢.

٨- گه باقر، مقدمه في تاريخ الحچارات القديمه، القسم الاول، مگبعه شركه التجاره، بغداد، ١٩٥٥.

٩- عبدالله ابو عياش، الاحێاو والكومبيوتر في معالجه البيانات مع تگبيقات جغرافيه، دار غريب للگباعه، القاهره، دون سنه گبع.

١٠- فاتيمه قادر مستەفا، دابەشبوونی دانیشتووانی شاری هەولێر، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، لەبلاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ٢٠٠٨.

١١- فۆاد غچبان، جغرافيه الخدمات، دون مكان و سنه الگبع.

١٢- ناصر عبدالله صالح، محمد محمود السريانى، الجغرافيا الكميه والاحێائيه ـ اسس وتگبيقات بالاساليب الحاسوبيه الحديپه، مكتبه العبيكان، الگبعه ١، الرياچ، ٢٠٠٠.

٢ ـ تێزی زانستی:


١٣- اسراو هيپم احمد صالح العبيدى، التباين المكانى للخدمات الصحيه فى محافڤه ديالى، اگروحه دكتوراه(غير منشوره)، كليه التربيه، جامعه ديالى، ٢٠١٣.

١٤- امير قادر عزيز، هەلسەنگاندنێكى جوگرافى بەكارهێنانەكانى زەوى ئاينى لەشارى هەولێر بەبەكارهێنانى سيستەمى زانياريە جوگرافيەكان(GIS)، نامەى ماستەر(بلاونەكراوە)، كۆلێژى ئەدەبيات، زانكۆى سەلاحەددين، هەولێر، ٢٠١٣.

١٥- ڕيدار نبيل عبدالرحمان، التحليل المكانى والوڤيفى للخدمات اليّحيه فى محافڤه دهوك، رساله ماجستير(غير منشوره)، فاكولتى العلوم الانسانيه، سكول الاداب، جامعه دهوك، ٢٠١٤.

١٦- ساكار بهاوالدين ال مدرس، الانماگ السكنيه فى مدينه اربيل، رساله ماجستير(غير منشوره)، جامعه صلاح الدين، كليه الاداب، قسم الجغرافيه، اربيل، ٢٠٠٣.

١٧- گه مصحب حسين الخزرجى، تقويم الكفاوه الوڤيفيه الصحيه فى قچاو بلد، مجله ديالى، العدد(٥٦)، ٢٠١٢.

١٨- عبدالله اسماعيل حمد، دور العوامل الاجتماعيه والاقتيّاديه فى التوسع الحچرى لمدينه اربيل للفتره ١٩٩٤ ـ ٢٠٠٨ ـ دراسه تحليليه ـ حچريه، اگروحه دكتوراه(غير منشوره)، كليه الاداب، جامعه يّلاح الدين، اربيل، ٢٠١١.

١٩- هونەر عبدالله كاك احمد ، تغيرات استعمالات الارچ فى مدينه اربيل بين ١٩٨٥ـ ٢٠٠٢، رساله ماجستير(غير منشوره)، جامعه صلاح الدين، كليه الاداب، قسم الجغرافيه، اربيل، ٢٠٠٤.

٢٠- هيوا صادق سليم ، التحليل الجغرافى لكفاوه التوزيع المكانى للخدمات التعليميه فى مدينه اربيل، اگروحه دكتوراه(غير منشوره)، جامعه صلاح الدين، كليه الاداب، قسم الجغرافيه، اربيل، ٢٠١٢.


٣ ـ گۆڤار و دەركراوە خوليەكان و تۆڕەكانى ئينتەرنێت:


٢١- اشرف على عبده، التباين المكانى لتوزيع محگات الوقود فى المدينه المنوره باستخدام نڤم المعلومات الجغرافيه(GIS)، بحپ منشور على موقع الالكترونى . http: //www.geotunis.org

٢٢- امال بنت يحيى الشيخ، تحليل نمگ توزيع الحدائق العامه فى مدينه جده باستخدام نڤم المعلومات الجغرافيه(GIS)، بحپ منشور على الموقع الالكترۆنى http: //www.geotunis.org

٢٣- خليل اسماعيل محمد، لايەنی دیمۆگرافی بزاوتی کۆچ لە پارێزگای هەولێر، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (سیاسەتی دەولی)،ژمارە(١٧)،ساڵی پێنجەم، سلێمانی، ١٩٩٦.

٢٤- صلاح هاشم الاسدی وتحسین جاسم السهلانی، قیاس کفاوه الخدمات الصحیه فی مدینه الناصریه، مجله اداب البصره،العدد(٦٨)، ٢٠١٤.

٢٥- ماهر ناصر عبدالله، واقع التوزیع الجغرافی للخدمات الصحیه فی مدینه السماوه، مجله اداب الکوفه، العدد(٥)، ٢٠٠٨.

٢٦- هیوا صادق سلیم و امیر قادر عزیز، تحلیل الکفاوه المکانیه والوڤیفیه للخدات الصحیه فی مدینه کویسنجق، مجله جامعه کرکوك للدراسات الانسانیه، المجلد(١٠)، العدد(٣)، ٢٠١٥.

٤ ـ چاپەمەنی و نوسراوە حکومیەکان:

٢٧- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی (GIS)، نەخشەی شاری هەولێر، ٢٠١٥.

٢٨- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی ئامار، ژمارەی دانیشتوانی شاری هەولێر.

٢٩- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەی تەندروستی هەولێر، بەشی ئامار، داتای نەخۆشخانەحکومیەکانی شاری هەولێر، ٢٠١٥.

٣٠- وزاره التخگیگ، هیئه التخگیگ الاقلیمی، قسم الاسکان والمستوگنات البشریه، اسس ومعاییر مبانی الخدمات العامه، بغداد، ١٩٧٧.

٥ـ ئینسکلۆپیدیا:

٣١- حیسامەددین نەقشبەندی، هێلکاری هەولێر لە کتێبی ئیبن مستەوفیدا(تاریخ اربیل)، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی پێنجەم، چاپخانەی گرین گالۆری، بیروت، ١٩٩٩.

٣٢- ئیبراهیم تاهیر مەعروف ڕەباتی، مێژووی پزیشکی لە شاری هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی شەشەم، چاپخانەی گرین گالۆری، بیروت، ١٩٩٩

٦ـ ئەتڵەس:

٣٣- هاشم یاسین حمدامین حەداد و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، کۆمپانیای تێنووس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩.

## الكفاءة المكانية والوظيفية للمستشفيات الحكومية في مدينة اربيل


### الملخص:

تعد الخدمات الصحية من ابرز الخدمات التي تقدمها المدينة لقاطنيها، لصلتها المباشرة بحياة الانسان، ولكونها عاملا رئيسا من عوامل التنمية، نظرا للعلاقة القوية بين المعايير الصحية ومعايير التنمية، بالشكل الذي بات فيه المستوى الصحي معبرا عن اتجاهات التنمية في اى بقعة من العالم.الهدف من الدراسة هو تحديد طبيعة ونمط توزيع المكانى للمستشفيات الحكومية في مدينة أربيل من خلال إستخدام الاسلوب الاحصائي والتقنيات المعاصرة، والكشف عن مواطن الخلل في كفائتهم الوظيفية.بغية الوصول الى الهدف تم تناول موضوع البحث في محورين، تم في أولهما تناول التطور الحضري لمدينة أربيل ونمو مستشفياتها وتوزيعها، فيما إخصص ثانيهما بالبحث في خصائص التوزيع المكاني للمستشفيات الحكومية ونمط إنتشارها والبحث عن كفائتهم الوظيفية من خلال استخدام بعض المعايير التخطيطية ثم إختممت الدراسة بالتوصل الى بعض الاستنتاجات كان أبرزها ان المستشفيات الحكومية قد توزعت بشكل غير متوازن في منطقة الدراسة الامر الذي ينعكس على قابليتها الوظيفية.


## special and functional efficiency of Governmental hospitals in Arbil city


### Abstract:

The health services is the most important services provided by the city for its inhabitants, for its direct relationship to human life, and for being a prime factor of development, given the strong relationship between health standards and development, asis the level of health, expressing trends development in any part of the world.

The aim of the study is to determine the nature and form of distribution of the Governmental hospital sites in the city of Erbil by using the method of statistical and contemporary techniques, also the detection of glitches in it. In order to reach the goal has been dealt with the subject of the study in two axes, in the first axis, the urban development of the city of Erbil and the growth of its hospitals and their distribution have been studied, but the second axis has concentrated on the spatial distribution characteristics of the Governmental hospitals and the pattern of their spread, finally the study reached some conclusions, most notably that Governmental hospitals been distributed in unbalanced form in the study area, which is reflected on their functional efficiency.